# چەپ و کێشەی موسڵمان لە هۆڵەندا

ئاسۆ شابان
a_shaban1@hotnail.com

پرسیارێك كە لەبەرامبەر چەپی هۆڵەندادا خۆی ئامادە كردوە ، هەڵوێستی چەپی هۆڵەندا لە بەرامبەر ئیسلامەكاندا چیە ؟
لە پەیوەندیەكانەوە تا جیاوازی ، دەتوانین پەیوەست بین بە یاسا بنەرەتیەكانە- وە . خەڵكی هەموو یەكسانن بەبێ یەكاڵاكردنەوەی ڕەنگ ، لە كوێوەهاتوون ، هەر دینێكیان هەبێت ، یان خاوەنی هەر جۆرە تایبەتمەندێتیەكی كەسایەتی بن .
ئەمە تەواو جیاوازە لەوەی ئێمە بمانەوێ لە بەرامبەر شێوەكانی خواپەرستی و بەكار هێنانەكانیدا سازشكار بین .
لە هەست كردن بە هەستی هاوپشتیوان بوون لەگەڵ خەڵكێك كە دەچەوسێنرێنەوە ، كەسانێكی زۆر هەن ڕسواكردنی خەڵكێك لەبەر ئەوەی لە وواڵاتێكی ئیسلامیەوە هاتووە بە توندی ڕەت دەكەنەوە .
گەر سەرنجی یەكێ لە ووتەكانی وەزیری ئابووری هۆڵەندا بدەین ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەكەوێت : ( ڕاستە زۆر لە ئیسلامەكان پەنا دەبەنە بەر توند ڕەوی ، بەڵام ئەمە هەروا لە خۆوە نەهاتووە ، هۆڵەندا وواڵاتێكی ئازادە ، بۆت هەیە هەموو شتێك بلێیت كە خوازیاریت ، بەڵام ئەگەر من هەموو ڕۆژێك چەند جار بە ژنەكەی دراوسێمان بڵێم تۆ ئافرەتێكی سۆزانیت ، ڕۆژێك دێت تووڕە دەبێتو دێتە گیانم )* ، بە دڵنیاییەوە جیاوازی هەمیشە دووبەرە دروست دەكات ، ئەو بەرەیەی كە زۆر دەچەوسێنرێتەوە ڕۆژێك دێت توانای ئەو بێدەنگیەی نامێنێتو دێتە وەڵام ، بەڵام ئەو چ جۆرە وەڵامێك بۆ ئەو بارودۆخەی خۆی هەڵدەبژێرێت ، ئەمە جێگەی پرسیارو شیكردنەوەیە كە دەكرێت هەڵوێستی لەسەر وەربگیرێت .
گاڵتە جاریەك كە ئێستا لە هۆڵەندا بەرامبەر بە موسڵمانەكان دەكرێت ، شێوەیەك لەچەوسانەوەی بۆ خەڵكێكی زۆری دانیشتووی هۆڵەندا دروست كردوە و

باجی ئەم گاڵتە جاریەش لە شوێنی کارو شەقامو خوێندگاکان دەدرێت ، کاتێك کابرایەکی مەلای مەغریبی دەکەنە گاڵتە جارێك ، ئەم گاڵتە جاریە تەنها بە خودی مەلاکە ناکرێت یان هەموو مەلاکانی تر ، یان هەموو ئەوانەی وەك مەلاکە بیر دەکەنەوە ، بەڵکو لە کاتی گاڵتە جاریەکەدا پەنا دەبرێتە بەر ڕەنگو جلو بەرگو زمانو وولاتو.....هتد ، لەم کاتەدا مەلاکە لە کێشە فکریەکەی دەردەچێتو دەبێتە گاڵتە جارێکی مەغریبی یان گاڵتەجارێکی بێگانە کە خاوەنی زمانو وولاتو ڕەنگو بۆیەکی ترە و لە وولاتێکەوە هاتووە کە کلتووری ئیسلامە ، کەواتە ئەم گاڵتە جاریە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە ئەو خالانەی سەرەوەی جیاوازە لە کەسێکی هۆڵەندی یان ئەوروپی ، ئەم شێوە گاڵتە جاری کردنە دەبێتە هۆی چەوسانەوەیەکی دەروونی قووڵو نامۆ کردنیان بە تێکەڵاو بوون ، گەرجی ئەم جۆرە گاڵتە جاریە جۆرێکە لە میدیای ئازادی هۆڵەندا ، بەڵام خۆی لە خۆیدا شێوەیەکە لە ڕاسیسزمو پیادەکردنی سیاسەتی جیاکاری .

گەورەترین هەڵە کە چەپەکان تێی کەوتوون شێوەی ڕەخنە گرتنەکەیانە ، لەو تێروانینەوە کە لەکاتی هێرشو جەنگ بۆ سەر وولاتانی خۆرهەلات و یارمەتیدانیان لە لایەن کاپیتالیزمی خۆرئاواوە ، لە ژێر ناوی تیرۆرو چەوسانەوەی میلیدا ، بۆ ئەم شێوەیە لە گۆڕانکاری ئەوپەری نەخۆشی هزریە .

ناسیۆنالیستەکان لەم مەیدانەدا تەواو بازیان داوەو چونەتە پێش ، چوونکە چەپەکان لەبەرامبەر ئەواندا مێشکیان کەرەی خاوی تیایە .

ئێمە لە مێژووەوە دەتوانین زیاتر فێربین کە ناسیۆنالیست چ داهاتویەکی ڕەشیان بۆ پاشەرۆژ بنیادناوە ، چەپەکان لە کاتی خۆیدا هەموو جۆرە هەڵوێستێکی خۆیان لەبەرامبەر ( IRA و ETA) قەدەغە کردبوو ، هەمان هەڵوێست بوو بەرامبەر خەباتی ناسیۆنالیستەکانی ئەنگۆلاو مۆزەمبیقو کەمبۆدیاو ڤێتنامدا، کۆڵۆنیاڵو ئیمپریالیستەکان ئەم وولاتانەیان جێنەهێشت ، ڕژێمە تازەکانیش تەنها دەمامکێکی سۆسیالیستی بوونو هیچی تر ، ئێمە هەموو خەباتێکی سۆسیالیستە شۆرشگێرەکان پشتیوانی لێدەکەین ، بەڵام پشتیوانیشمان لە ڕەخنەی سیاسەتی نوێی ئەمرۆ هەمان مەهامی شۆرشگێرانەی ئێمەیە ، لەو هەڵاو هاوارەش ناترسێین کە هەندێ ڕەخنە دەتخاتە بەرەی نەیارەوە ، بۆ ئێمە هەموو شێوەکانی چەوسانەوە لە ژێر هەرناوو هۆیەکدا بێت دژی دەوەستینەوەو خەباتی بۆ دەکەین .

پرسیارێك لە پشت سەرمان قووت بۆتەوە ، تێکەڵ بوونی ڕەخنە لە ئیسلامو

چەوسانەوەی خودی موسڵمانێك لەبەر ئیسلام بوونی؟ ، بۆ ئێمە کەسێکی هەژاری خەڵکی مەغریب کە لەبەر هەژاریوولاتەکەی و دابین کردنی بژێوی ژیاندا لە هۆڵەندا جێگیر بووەو چەندین ساڵە کار دەکاتو جێ دەستی دیارە بە گەشەی ئابووری هۆڵەنداوە، ئەمرۆ تەنها هەر لەبەر ئیسلام بوونی لە کارەکەی دەرکرێت و ببێتە قوربانی دەستی سیاسەتی گاڵتەجارانەی میدیای هۆڵەندی و باجی سیاسەتی فێڵبازانەی سەرمایەداری دەوڵەتی بدات ، بۆ بێکار کردنی ڕێژەیەکی زیاتری کرێکاران هەر یەك لە ژێر ناوو هۆیەکی تایبەتیدا ، جێگەی ڕەخنەی توندی ئێمەیە و پێدادەگرین لەسەر ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە جیاکاریەك کە ئیسلام بوون بکاتە هۆیەک بۆ بێکار کردنی کرێکاران و نامۆ کردنیان بۆ دوور کەوتنەوە لە سەندیکا کرێکاریەکان ، بە دڵنیاییەوە هاوپشتی ئێمەش جۆرێکە لە دژایەتی چەوسانەوەو سیاسەتی جیاکاری.

دەکرێ لێرەدا ئەوە دەست نیشان بکەین کە کاتێك ڕەخنە دێتە سەر خەتەنەی زۆرە ملێی کچانو کوڕانی وولاتە ئیسلامیەکان ئێمە ئەمە بە ڕاسیزم دانانێین چونکە ئەمە دەبێتە شێوەیەك لە چەوسانەوەو ئازاردانی لەشی مرۆڤ ، بەتایبەتی لەلای کچان ، ئێمە لەدژی ئەم ڕەفتارە هەڵوێستی خۆمان هەیە ، بەڵام ڕەخنە گرتنی ئێمە لە شێوەیەك چەوسانەوە کە بەناوی ئیسلامەوە دەرهەق بە کۆمەڵێك خەڵکی زۆر دەکرێت ، کە بەشێك نین لەم کێشەیەی ئەمرۆو خاوەنی هێزێکی بەرچاوی کارن لە هۆڵەندا ، دەکرێت زۆر بە توندی ڕەت بکرێتەوە ، ئێمە دژی هەر جۆرە سوکایەتیەکین کە دەرهەق بە کرێکارانی کارگەکانو سەندیکاکان دەکرێت بە تۆمەتی ئیسلام بونیان ، ئیسلام بون یان نەبونی هەڵبژاردنێکی ئارەزوومەندانەی خۆیانە ، ئەمە نابێت ببێتە خاڵێك بۆ لێك هەڵوەشاندنەوەی ڕیزەکانی کرێکاران لەسەر شوێنی کارو سەندیکاکاندا ، کرێکارانیش دەبێت هێندە ووشیار بن کە نەکەونە ئەم گەمە سیاسیەوە .

گەرچی ئەم شێوەیە لە جیاکاری و جیاوازی کردنە خودی کرۆکی ڕاسیزم دێنێتە بوون ، بەڵام ئێمە تەواو دژی ئەو دروشمەی ڕێکخراوی حەماسیشن کە دەڵێت : ( حەماس ، حەماس ، هەموو یەهودەکان بۆ گاز )* ئەم دروشمە خۆی لە خۆیدا ئەوپەری ڕاسیزمە ، بۆ چونێك کە یەهود دەتوانێت ئەم جیهانە بە ئارەزووی خۆی بگۆڕێت و جێگەی مەترسیە،بۆ ئێمە ئەمە جێگای ئەوپەری ڕەخنەو سەرزەنیشتیە، کرێکارانی بەشی کارەباو ئاوو خواردنەوە گازیەکان زۆریان کریستیانو موسڵمانو

جولەکەن ، هیچ کات بیرورای ئاینی نەبۆتە کێشە بۆیان ، ئەوان هەموویان پێکەوە یەك ئامانجو هیوایان هەیە ، بەڵام ئەمرۆ دیاردەیەکی جیاواز سەری هەڵداوەو بۆتە هۆی شێوەیەك جیاکاری لە نێوان کرێکارە موسڵمانەکان لە لایەكو کریستیانو جولەکەکان لەلایەکی تر ، ئەم دیاردەیەش خۆی لە خۆیەوە نەهاتۆتە بوون ، بەڵکو میدیای دەوڵەت لە پشت ئەم روداوەوەیە ، ئەمەش بۆتە هۆی جۆرێك لە ناتەبایی لە نێوان کرێکاراندا ، شێوەیەکی بەرچاو لە بێکارکردنی کرێکارە موسڵمانەکان لە شوێنی کارەکانیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو بەگومان بونیان لە پەیوەند بە شێوەیەك لە توند ڕەویەوە ، بە دڵنیاییەوە ئەم ڕەنگدانەوە نێگەتیڤە کار دەکاتە سەر هاوتەبایی نەبوونی کرێکارانو ڕێگە خۆشکردن بۆ چی زیاتر بێکار کردنی ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران .

ئەو دیاردەیەی کە ئەمرۆ لە نێوان موسڵمانەکاندا ئاشکرا دیارە دژایەتی کردنێکی بەرچاوی کارەساتەکانی عێراق و فەڵەستینە ، بەردەوام بوونی ئەم شەڕە بۆتە هۆی ڕادیکال بوونەوەی زۆر لە موسڵمانەکان بە تایبەتی لاوەکانیان ، ئەوان بۆ خۆرێکخستنیان دژ بەم شەڕە پەنا دەبەنە بەر کاری توندو تیژی یان پەیوەست بوون بە ڕێکخراوێکەوە کە هەمان ئامانجی ئەوان بپێکێ ، لێرەدا ئەوەی جێگەی باسە ئایا ئەوان بۆ ئەمە دەکەن ؟ ، وەڵام بۆ ئەم پرسیارە زۆر گران نیە ، شێوەیەکە لە کۆنەکردنەوەی نارەزایەتیەك کە بە بەرچاومانەوە دیارە ، شێوەیەکە لە ڕێک نەخستنی خەڵکێك لەبەرامبەر مەرگەساتی شەڕێکی بێ کۆتاییدا ، بەدڵنیاییەوە گەر سۆسیالیستەکان لە بەرامبەر بوونی ئەم نارەزایەتیەدا نەیەنە مەیدانو ئەڵتەرناتیفێك نەخەنە پای کۆکردنەوەی ئەم هێزە ، ئەوا زۆر ئاشکرایە کە لایەنە ناسیۆنالیستو دینیو ڕاسیستەکان ئەم هێزە بەلای خۆیاندا کێش دەکەنو دەیانکەنە چەکی بەکار براوی کاتی شەڕ ، بەم شێوەیە هەڵوێست وەرنەگرتن لەبەرامبەر ئەم هێزەدا کە پەرشو بڵاو ماوەتەوە ئەوا ئێمە لەمرۆو داهاتوودا دەخاتە ژێر ڕەخنەیەکی مێژووییەوە ، کاتێکیش کات لە دەست تۆدا نامێنێ پەنچە گەستنت سارێژی هەڵەکان ناکات .

==============================================

* - ( is ) ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست ، دێسەمبەری ( ٢٠٠٤ ) .

*- ( eta ) رێکخراوێکی ئیسپانیە لە پێناو سەربەخۆیی ( باسك ) دا پەنادەبەنە بەر

تیرۆرو تەقاندنەوەی خۆکوژی ، لە ئەنجامی کارەکانی ئەمان زۆر خەڵک گیانیان لە دەست داوە .

*(Ira) لە ئیسپانیا دژی ئەوە وەستانەوە کە جەنەڕاڵە سەربازیەکانی ئێتا کاری سیاسی بکەن .

*- (www.internationalesocialisten.org)